# گواستنەوە

عەلی مەحمود محەمەد

ئەوەی شت بێت لە گەردوندا , قەبارەو کێشی هەبێت , توانای گرتن و دەست لێدان و هەڵگرتنی هەبێت , لە دەرزییەکەوە بۆ گەلێك , لە تیرۆگێکەوە بۆ شارێك , لە مەسینەیەکەوە بۆ نەتەوەیەك هەمووی دەگوازرێتەوە . لەمەدا کورد داهێنانی خۆی کردووە , نەك تەنها شتە گرتراوەکان , بەڵکە شتە هەستپێکراوەکان و ڕوحی مردوەکانیش دەگوازێتەوە , ئەو ڕوحەی هێشتا مرۆڤایەتی سەری لە نهێنییەکانی دەرنەکردووە, لەوانەیە ئەمەتان بەلاوە سەیر بێت و بپرسن چۆن ڕوح دەگوازرێتەوە , خۆ نەبووە ڕوحی فیرعەونەکان لە شێوەی باڵندە بە کونە لوتا لە شەقەی باڵ بدات بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان ؟. گەورەترین کێشەی کرێچێتی گواستنەوەیە , زۆربەی تەڵاقەکانیش بەهۆی گواستنەوە سەر هەڵەدەن , ئیتر گواستنەوەی ماڵ بێت , یان ژن , یان سەنگەر.

لە گەورەکانم بیستووە ووتوییانە ماڵ گواستنەوە, وەك بوك گواستنەوە ناخۆشە , هەموو گواستنەوەیەك دوو سەرەیە . ئەوانەی لە سیاسەتیشدا سەنگەر دەگوازنەوە , سەرەتا دەڕمێن بەسەر هەنگوینەکەدا , لایە ناخۆشەکەش چاوەڕێیانە ئەویش ترۆ کردنە , پاش ئەوەی تەڕاییان تێدا نامێنێت .
بە گۆڕانی هەر سستەمێك بۆ یەکێکی نوێ , لە گەڵ خۆیدا جگە لە سەرخان و ژێر خانی جدید , دیاردەی نوێش لەگەڵ پاو قەدەمیدا بە دیاری دەهێنێت , گواستنەوەی حیزب و سەنگەر و بیرو باوەڕ و ڕەنگ و شەهیدیش لەو دیاردانەن .

لە پێش هەر هەڵبژاردنێك لە کوردستان , گواستنەوەی سەنگەر دەبێتە مۆدەی ڕۆژ , هەر حیزبەیە بە کردن دەدرێت بۆ گواستنەوە , هەر گروپەیە مارە دەکرێت و پێش هەڵبژاردن دەبردرێنە کەژاوەی زێڕینی پارتی زەبلاحەوە . ئەم گواستنەوانە وەك ژن بەخشینی گرێبەستە خێڵەکییەکان وایە, پێش هەڵبژاردن قۆناغی دەوڵ و زوڕنا پێویستی خەباتی ڕۆژە , هێزی دەهۆڵ لێدەر و درێژایی ڕیزی شایی کەران و ژمارەی مەنجەڵی پڵاوو شاباشی باش چاوشەکان هەیبەتی پارتی سەرکردە دیاری دەکەن , هەیبەتی پارت لە گەورەیی پشکە گۆشت و کڵاوی سەر پەڵاوو ژمارەی زۆری دیناری شاباش کراوەوەیە , نەك پیاو چاکی دەست تێری و خزمەت , لەو سەردەمانە گواستنەوەی حیزبەکان زۆرترە بێت لە گواستنەوەی بووك , مانگی هەنگوینی پارتەکان گەرمترە لەمانگی هەنگوینی بوك و زاواکان .

لەبەر ئەوەی حیزب دوکانی ژیانە , دوکان هەموو کات بۆ کاسبییە , کاسبیش لە فرۆشتن و گواستنەوەدایە . نازانم جیاوازی حیزب فرۆشتن و لەش فرۆشتن لە چیدایە؟؟؟ , ئەگەر هەردووکییان لەش فرۆشتن بێت , ئەو پارچە گۆشتێکی ناو گەڵی مەزادە کات , ئەویش مێشك و ویژدان و مێژوو , کەواتە یەکەم گەلێك ئەشرافانەترە لە دووەم . کام حیزبی کارتۆنی هەیە بێ پرس پارتە گەورەکان دروست کرابێت ؟؟؟, ڕاپۆرتی دامەزراندنی بۆ دەزگا نهێنییەکان نەچو بێت ؟؟؟.
لەم ڕۆژانە گەندەڵی و پاوانی دەسەڵات گواستنەوەیەکی دیکەشی لەگەڵ خۆیدا داهێناوە . ئەگەر سەری قافت بۆ کورد گرتبێت , داستانی هەندرێن و سورێن و ئیلنجاخیشی تۆمار کردبێت , لەو دوو پارتە نەبێت , حیسابی کوژراوێکی خەفیفەی خۆیان بۆ شەهیدبونت ناکەن . بۆیە کەس و کاری شەهیدان لە پێناو ژییاندا , بۆ ئەوەی وەك شەهیدی پارتە دەسەڵاتدارەکان ئیمتیازاتی شەهیدانە وەرگرن , شەهیدەکانییان دەگوازنەوە بۆ ڕیزی حیزبە دەسەڵاتدارەکان . ڕەنگ بێت گواستنەوەی شەهیدتان بەلاوە سەیر بێت !!! . لەوانەیە وا بزانن ئەو شەهیدانە دەڵێم لە بیابان و لمەکانی باشوردا خۆرەتاو ئێسکەکانییانی سوتاندووە , یاخود ئەو پێشمەرگانەی لە سەنگەردا شەهید بوون لە پەناو پەسێوی کوردستان لە سەردەمی خەباتی چەکداری نێژراون , پاش ئازاد بوون تەرمەکەیانییان بگوازرێتەوە بۆ شارو شارۆچکەکانی خۆیان , نەخێر ئەمانە هیچی ناڵێم . بەڵکە گواستنەوەی شەهیدەکان لە ڕیزی پارتێکەوە بۆ یەکێکی کە , مەخسەدیشم شەهیدە زیندووەکان نییە , ئەدی مردوو چۆن سەنگەرەکەی دەگوازرێتەوە , وەڵامی ئەم پرسیارە هەقی وایە سەنگەر کرەکان بیدەنەوە . هەرچەندە شەهیدەکان تا دوا چرکەی ژییانییان داکۆکییان لەو باوەڕە کردووە کە لە پێناوییدا بەخت بوونە , ئێستا کەس و کارییان بۆ ئەوەی لە ئیمتیازاتی شەهیدانە بێبەش نەبن , لە پارتە هەژارەکانەوە ناوی شەهیدەکانییان دەگوازنەوە بۆ ڕیزی پارتە دەسەڵاتدارەکان , بە لایانەوە گرنگ نییە , ئەو پارتەی وا شەهیدەکەی بۆ دەگوازنەوە , کەسی شەهید تا لە ژییاندا بووە چەندە فیشەکی پێوە ناوە , یاخود هەر بە دەستی خۆیان کوژراوە , گرنگ ئەوەیە ئەوان بە کڕینی زیندووەکان تێر ناخۆن پەلاماری مردووش دەدەن . ئەمە گواستنەوەی باوەڕ و مێژوو ڕەوشتە, تەزویر کردنی مێژوو شێواندنی کەرامەت و چاندنی ئەوپەڕی گەندەڵییە . باشە ئەمڕۆ تەرمی شەهید بگوازرێتەوە دەبێت لە داهاتوودا مۆدەی گواستنەوەی چی بێتە ئاراوە ؟؟؟.